ڕاپۆرتی سیاسی وکاروتێکۆشانی ٣ ساڵ و ٨مانگ و٢٧ ڕۆژەی سەرکردایەتی پارتی سە ربەستیی کوردستان- پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەم:



ئامادە کردنی :
عارف باوەجانی
٢٠٠٩/١١/١٣

بە ناوی کوردو کوردستان و خەبات لە پێناوی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.
ئەندامانی پارتی سە ربەستیی کوردستان، هاوبیران و لاینگرانی پارتیمان . میوانانی بەشدار لە کۆنگرەی یەکەمی پارتیمان , بە خێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەین کە لە ڕێگەی دوورەوەو لە ژیانی سەرقاڵی تاراوگەدا لە گەڵماندا بەشداری دەکەن و گە رموگوڕی بە کۆنگرەکەمان دەدەن. ئێمە ئاواتەخوازبووین کە هەم دامەزراندنی پارتەکەمان و هەم کۆنگرەکەمان لە بستێک لە خاکی پیرۆزی کوردستان بایە، بەڵام مخابن بە هۆی چەندین هۆکاری تایبەتەییەوە کە دەسەڵاتی ئێمەی تێدانەبوو ئەوەمان بە نسیب نەبوو. ناچارین لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نۆرویژ کە بە هەزاران کیلۆمیترە لە خاکی خۆمانەوە دووره کۆنگرەکەمان بگرین.
ڕێگەم بدەن کە پێش هەموو شتێک یادێک لە مامۆستای بیری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مامۆستا سە لاح سۆران بکە مەوە، کە بەڕاستی ناوبراو بە نوسراوەکانی لە پایتەختی ئێرانی داگیرکەری کوردستاندا هەمیشە بە ناوی کوردستانی گە ورەوە دەستیپێدەکرد. هەروەها سە ری ڕێز ونوازش بۆ نوێترین شە هیدی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک ئیحسان فەتاحی دادەنوێنم، کە دوو ڕۆژ پێش کۆنگرەکەمان لە لایەن داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامییەوە لە سێدارەدرا.
خەڵکی وڵاتداگیرکراوی کوردستان، پشتیوانان و خوازیارانی سەربەخۆیی و سەربەستیی نیشتمان.
کۆنگرەکەمان لە ژێرناوی "کۆنگرەی گەشەی بیری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" دەبەستین.
مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەو ناوە بۆ کۆنگرە لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکەدا بە باشی دەبینرێت.

## کورتەیەک لە سەر دامەزراندنی پارتی سربەستیی کوردستان ومەبەست و ئامانجەکانی

٣ ساڵ و ٨ مانگ و ٢٧ ڕۆژ پێش، لەکاتێکدا وەچەرخانێکی چاوەڕواننەکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هاتە ئاراوە، کە گەورەترین دوژمنی ئازادی گەلی کورد لەباشور واتە ڕێژیمی بەعس، کۆشک وتەلاری دەسەڵاتیان ڕووخاو، و بەرپرسانی باڵادەست پێوەندکران. ئیدی لەو سەردەمەدا دیسانەوە مەسەلەی کورد هاتە وە نێو میدیاکانی جیهانە وە، ئە وەش بووە هۆی ئە وەی کە بیرۆکەی دروستبوونی پارتی سە ربەستیی کوردستان لە هزری مندا سەرهەڵبدا. ڕۆژانە بیرم لە شێوەی

دروستکردنی پارتێکی بەو شێوە پێویست بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکردەوە، تا وایلێهات کە لە پاش دوو ساڵ بەسەر ئەو هزرەدا هەستمکرد کە ڕۆژانە لەگەڵ دروستبوونی ئەو پێویستییە نزیک دەبینەوە، بەڵام لە ماوەی نێوان ئە و دوو ساڵە بەردەوام کارم لە سەر کۆکردنە وەی کە سانی نەتەوەیی وهابیری ئەو پرۆژە دەکردەوە. لە هەوڵدان بۆ ماوە ی دووساڵ دیتمان گۆڕانکارییەکانی جیهان و ڕۆژهە ڵاتی ناوە ڕاست بێ ڕاوەستان شە پۆل دە دەن، ئیمە ش وە ک بینە ری ڕۆژانە دەمانبینی و دە مانبیست کە لەم چەند ساڵەی ئاخردا، بە دەیان ئاڵوگۆڕی سیاسی لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاستدا پێکهات، کە بەشێك لە و گۆڕانکارییانە ش ڕاستە وخۆو ناڕاستەوخۆ پێوەندیان بە کوردەوە هەبووە.

لە پاش چەندین کۆبوونەوە لە وڵاتانی سویدو نۆرویژ ،هەروەها چەندین کۆبوونەوەی ئینتەرنێتی لە نێوان هاوبیرانی ئە و هزرە لە ناوخۆ و دە رەوەی وڵاتدا، لە ٢ی بە فرانبار ی ٢٧٠٥ ی کوردی بەرامبەر بە ٢٠٠٥/١٢/٢٣ دا، کۆمیتەی پێکهێنەری پارتی سەربەستیی کوردستان لە خۆم و پێنج هاوبیری دیکە لە ناوخۆ و دە رەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات، کە ئەو کۆمیتە بەردەوام لە هەوڵی ئاگادارکردنە وەی کە سانی دیکە دا بووین ، بە خۆشییەوە لە ماوەی دوو ساڵ هە وڵی بەردەوامان و هە روەها سێ مانگ هەوڵی کۆمیتەی ئامادەکار، توانرا بەدەیان کەسایەتی لێهاتوو نیشتمانپەروەر لەدەوری ئە و هزرە نەتەوەییە کۆبوونەوەو پشتیوانی و ئامادەیان پێشاندا، سەرئەنجام لە ٢٨ی ڕێبە ندانی ٢٧٠٥ی کوردی بەرامبەر بە ٢٠٠٦/٢/١٧ی زایینی دا لە بەیاننامەیەکدا دە ست بە کاربوون و، لەدایکبوونی پارتی سە ربەستیی کوردستان بە خەڵکی کوردستان وجیهان ڕاگەیاندرا.

وێرای ئە وەی ئامانج و مەبەستی سە رەکی لە دامەزراندنی ئە م پارتە ، خزمەتکردن بوو بە بڵاوکردنەوەی بیری نە تەوەیی و دروستبوونی باوە ڕی تا کی کورد بە کوردستانێکی ئازاد وسەربەخۆ، ە اوکات مە بەستی دیکە ی دامە زراندنی "پسک" لەپێناو هێندێک نوێ کاری لەناوجووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهە ڵاتی کوردستان و، هەروەها بۆ زیاتر خزمەتکردن بەمەسەلەی جۆگرافیایی ک وردستان و پەنابەران و ژنان و زۆر کێشە ی دیکە ی ئە مڕۆیی لە کوردستاندا دامەزراوە.

بەخۆشیەوە لە یەکەم حەفتەی دامە زراندنیەوە تا ئە مرۆ کە لە کۆنگرەی یە کەممانداین، بەردەوام هاو بیرانمان لە ناوخۆ ودە رەوە پەرەدەستینن، بە تایبەت ئەویندارانی وکە سانی چالاک لەسەربیروباوەڕی سەربەخۆخوازی. بەخۆشییەوە دەبینین کە هاوبیرانی نە تەوەیی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەو کارکردنی بێڕاوەستان لە سەر بیرۆکە ی سە ربەخۆخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، لە دەوری پسک وە ک ئامرازی گەشتن بە ئاواتەکانیان کۆدەبنەوە. بە واتایەکی دیکە شەوە دەتوانین بڵێین کە پارتی سە ربەستیی کوردستان ، پارتی لاوان و ڕۆشنبیرانی سە ربەخۆیخوازی کوردستانە.

وەک پرینسیپی نە تەوەیی، "پارتی سە ربەستیی کوردستان ، نێشتمانی کو رد بە هەموو پارچەکانیەوە بە یەک وڵات و نە تەوەی کوردیش بە یەک نە تەوە دەناسێ، ئە و سنوورانە ش کەخراونەتە نێوان بەشەکانی کوردستان و بە ڕواڵەت لە تیان کردوە ، بە دەستکردی داگیرکەرو سنووری زۆر ملیان دەزانێ ودانیان پێدا نانێت، بەڵام لەم هەلومەرجە هەستیارو ناسکەدا "پسک" بە پێی چەند هە ڵسەنگاندنێکی سیاسی وستراتیژی ڕۆژ لە ناوچەکەدا، خە بات و تێکۆشانی ئیستای تایبە ت دە کات بۆ بە شی داگیرکراوی ڕۆژهە ڵاتی کوردستان واتە کوردستانی بندەستی ڕێژیمی ئێران . .

پارتی سەربەستیی کوردستان، خۆی بە پارتی هەموو دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت، هەوڵ بۆ بە جێگەیاندنی مافەکانی گەلی کورد بە پێی جاڕنامەی مافی مرۆڤ دەدات. بێجگە لە گەلی کورد هیندێک کەمینەش لە کوردستان دەژین کە لە پرۆژە و سیاسەتی پارتی سەربەستیی کوردستاندا، ئەوکە مە نەتەوانەی کوردستان بە هاوڵاتی کوردستانی دە ناسرێن، مافی هەرکەمینەیەکی دانیشتووی خاکی کوردستان وەک هاوڵاتییەکی کوردستان چاوی لێدە کرێت ودەپارێزێت.

پارتی سەربەستیی کوردستان، بە گوێرەی توانا لە تێکۆشانی هەموو بەشەکانی داگیرکراوی کوردستان پشتیوانی دەکات، لەو پێوەندییەدا پارتی سەربەستیی کوردستان پێی‌وایە کە هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان هەلومەرجی تایبەتی سیاسی و ستراتیژی بەخۆیان هەیە، ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە یەکدەنگ و یەک مەرام خەبات ناکەن. لە ڕوانگەی ئێمەوە پێویستە هەربەشێکی داگیرکراوی کوردستان ، بە پێی هەلومەرج درێژە بە خەبات بۆ ڕزگاری خاکی داگیرکراومان بدەن،و سەربەخۆیی بکەن بە لووتکەی سەرەکی و ستراتیژیان . ئێمە پێمانوایە دەبیت لە پاش ڕزگاری گشت بەشەکانی کوردستان ، بیر لەوە بکرێتەوە کە ئایا یەک کوردستان هەبێت یاخود چوار دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە شێوەی کۆنفیدراڵی لە ژێر چەتری فیدراسیۆنی کوردستانی گەورەدا یەکبگرێت، یان وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی کوردستاندا پێکەوەبن. بۆ ئەوەی کوردیش بتوانێ خاوەنی ٤ دەنگ و ٤ لەشکری بە هێز بێت لە ناوچەکە و دەرەوەدا. بە واتایەکی دیکە لە باتی ئەوەی باس لە یەک کوردستان بکرێت، با باس لە بوونی چوار کوردستان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکرێت ، کە زۆر نەتەوە هەن لەناوچەکە خاوەنی چەندین وڵاتن.

**بەرنامەی خەباتی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ ئەم سەردەمەی شۆڕش .**

قۆناخەکانی خەبات جۆراوجۆرن. بۆ سەردەمانێک لە دەرەوەی نیشتمانین نەخوازراو ناچارین بە شێوەی دیکە خەبات بکەین. پارتی سەربەستیی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستای خەباتدا، لە هەموو دەستکەوتێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نەتەوەکەمان لە هەر بەشێکی کوردستان کە بەدەستی بێنێت، پشتیوانی دەکات. هەرهەنگاوێکی ئەوتۆ بە پلەیەک دەزانێ بۆ بردنە پێشێ خەبات بەرەو بەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی. بەڵام پارتی سەربەستیی کوردستان وێرای پشتیوانی لە هەرچەشنە سەرکەوتنێکیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واز لەچالاکی وتێکۆشانی سەربەخۆیخوازی خۆی ناهێنێ، بەردەوام خەبات دەکات بۆ ئەوەی ئەو بیرە بتوانێ وەک ئایدولۆژیایەکی سەرەکی لە هەناوی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ریشە داکوتێت و دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بۆ داواکاری سەربەخۆیی بە دەستبێنێت.

**کارو چالاکیەکانی پارتی لە ماوەی ٣ ساڵ و٨ مانگ و ٢٧ ڕۆژدا.**

میوانانی بەڕێز هاوبیرانی هێژام ! لە سەرەتای دەستبەکاربوونی پارتیمان، وێرای سەدان بروسکەی پیرۆزبایی و دەستخۆشانە لەلایان زۆر حیزب و ڕێکخراو وکەسایەتی نەتەوەیی وڕۆشنبیر و ونیشتمانپەروەری کوردستانیەوە بە دەستمان دەگەیشت، هاوکات پارتی سەربەستیی کوردستان ببوە باسی ڕۆژانەو هەر کەسەو بە شێوەیەک و بە چاویکی دیکەوە دەیانڕوانیە ئەم پارتەوە، زۆبەی بۆچوونەکان پێیان وابوو کە پارتی سەربەستیی کوردستان ناتوانێ ت چەند مانگێکیش درێژە بەتەمەنی خۆی بدات، بەردەوام پڕوپاگەندە و قسە وقسەلۆکی سەیرمان

دەبیستەوە، زۆربەی ئەو بەڕێزانەی کە بە نووسراوەو پێوەندی تەلەفونی لەگەڵمان دەدوان، لە ناوەڕۆکی پەیامەکانیاندا هیندێک بە دڵسۆزانە هانیان دەداین کە خۆڕاگرانە درێژە بەو کارە بدەین، کارێک نە کەین لە و ئە رکە نەتەوەییە بکشێینەوە و زە ربە لە بیری سە ربەخۆیی و کەسایەتی خۆمان بدە ین، لە هەمان کاتیشدا لەلایان هیندێک کە س ولایەنەوە پڕوپاگەندەی خرابیان لەسەر ئێمە بڵاودەکرایەوە.لە لایەکی دیکەشەوە دەزگای داپڵۆسێنەر وسیخوڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر پڕوپاگەندەی ژەهراوی و ناشیرینیان بۆ دروستدەکردین، زۆر هەوڵیاندەدا ئەم پارتە دروست نەکرێت، زۆر جار بە ناوی ئێمەوە نامە و ئیمەیلی ناشیرینیان بۆ زۆر کە سایەتی کوردستانی دەنارد، بە ناوی ئێمە وە هەڕەشەیان دە نارد بۆ زۆر کە س و بن ە ماڵە، زۆر کارو هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە یان ئە نجامدەدا، بەگشتی لە هەوڵی لە کەدارکردنی کە سانی چالاک و بەرچاوی پارتەکەمان بوون. بەڵام هیچ کام لەو پلانانە نەیانترساندین و بە چۆکیاندا نەهێناین، بەخۆشییەوە ئەوا پارتیمان خەریکە بەرەو تەمەنی ٤ ساڵەی هەنگاودەنێت و تێکۆشانی لەجاران تووکمەترو پۆشتەتر بەردەوام درێژەی هەیە. دەتوانم بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بڵێم کە ٨٥% لە گەڵ یە کەم مانگی دە ست بە کاربوونمان لە بواری ئە ندام و هاوبیرە وە زیادمان کردو وەو بە خۆشیەوە ڕۆژانەش بەرەو پەرە سەندنی زیاتر دەڕۆین.

بەڕێزان!

بەەۆی بوونی بەرنامەیەکی پوختەو جەسوری سەرکردایەتی کاتی پارتەکەمانەوە هەر لە مانگی یەکەمی دە ستبەکاربوونمانەوە، بۆ دە یان کۆڕ و کۆبوونە وەی کوردستانی وج ەهانی بانگهێشتن کراین، کە لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکایی، بە تایبەت ٥ جار بەفەرمی سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئە مریکامان کرد ووە، لە گەڵ کە سان و ڕێکخراوە کانی تایبە ت دیداری تایبەتەیمان هە بووە. ئەو جۆرە خەباتە دیپلوماتیەمان لە داهاتووشدا بە بەرنامە و پلانداڕێژراوی درێژەی دەبێت.

لە ئاکامی ئەو چالاکیە دیپلوماتیانەی پارتیماندا توانراوە لەگەڵ چەندین پارلەمانتار و حیزب ولایەنی جیهانی پێوە ندی دروستبکرێتو، بەردەوامیش پێوە ندی نوێتر دروستدەکەین. پێوەندیمان لەگەڵ بە شی هەرەزۆری پارت و لایە نەکانی کوردستانی لە ئاستێکی زۆرباشدایە ، ئە و پێوەندیەش لە داهاتوودا بە شیوەیەکی نۆێتر کە خزمەت بە ڕێبازی پاکی کوردایە تی بکات درێژەی دەبێت. لە درێژەی چالاکیەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان چەندین ڕۆژنامە وگۆڤارو میدیایی کوردستانی وجیهانی دیمانە و ڕیپۆرتاژیان لە سەر ئەم پارتە بڵاوکردوەتەوە، دەتوانین بڵێین لە ماوەیەکی کەمدا توانیمانە تا ڕادەیەک وەک پارتێکی ڕامیاری ونەتەوەیی لە کوردستان و هیدنێک وڵاتی جیهان خۆمان بناسێنین.

لە کۆی گشتیدا بە شێوەی خوارەوە ئەم چالاکیانە کراوەن.

" سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان، تا بەستنی یەکەم کۆنگرەی خۆی ٧٣ کۆبوونەوەی تایبەتی سەرکردایەتی پێکهێنراوە.

" ١٠٧ کۆبوونەوەی گشتی سەرکردایەتی وئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان پێکهێنراوە.

" تا ئیستا ١٤١ کۆبوونەوەی دیداری لەگەڵ لایەنەکانی کوردستانی وجیهانی پێکهێناوە.

" ٣٩ کۆبوونەوەی داخراوی هەبووە.

" سەرۆکی گشتیی پارتی سەربەستیی کوردستان، ٢٢٣ کۆبوونەوەی جیا جیایی لەگەڵ کەسایەتی و کوردانی نیشتمان پەروەر هە بووە، کە لە ئاکامدا دە یان لەو کە سانە هاتوونەتە ڕیزەکانی پارتی سەربەستیی کوردستانە.

" لە کۆی گشتیدا  ئەم سێ  ساڵ و  ٧ مانگەدا سەرۆکی گشتیی و شاندی پارتیمان  ، ٦٧ سەفەری تایبەتیان بۆ کوردستان و زۆربەی وڵاتانی دیکە بۆ کاری پارتی سەربەستیی کردوە.
" سەرۆکی گشتی بە سەدان کۆبوونەوەی تایبەتی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناوخۆی وڵات بە ڕێگەی جیاوازی پێوەندی گرتنەوە پێکهێناوە.
" پارتی سەربەستیی  ٢ کۆنفرانسی گشتی هەبووە، لە مانگێک پێش کۆنگرەی یەکەمیشمان پلۆنۆمی پێش کۆنگرە گیراوە.
" خەرج و دەرکەوتەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان. بە کۆی گشتی لە ماوەی نزیک بە ٤ ساڵدا واتە چەند مانگ پێش ڕاگەیاندنی دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان، بۆ گشت کارەکانی لە دەرەوەی وڵات و ڕێکخستنەکانی ناوخۆی وڵات، باشوری کوردستان.  بە دۆلاری ئەمریکی دەبێتەوە.  (١١٧٠٠٠،٠٠ سەدوحەڤدەهەزار دۆلاری ئەمریکی). 117 000,00 USD
تەواوی بەڵگەی خەرجییەکان پارێزراوە، هەر هاوبیرێکی پارتیمان یا هەر کوردێکی دیکەی نیشتمان پەروەر پێی خۆش بێت لەسەر ئەو  خەرجە بکۆڵتەوە من لە خزمەتیدام.

لە بواری ڕاگەیاندنەوە، پارتی سەربەستیی کوردستان هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە خاوەنی ماڵپەڕی تایبەتی خۆی بووە بە زمانەکانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی، ساڵیک پاش دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان، بە هەوڵی تێکۆشانی هەڤاڵی بەرێزمان سایتێکی دیکەی تایبەت کە بۆ خزمەتکردن بە بیری کوردستانی بە ناوی سەربەخۆ دامەزرا، کە ئەو سایتە بە یەکێک لە سایتە نەتەوەییەکان ناسراوە، بەردەوام لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات خۆێنەرانی سەردانی دەکەن، بە تایبەت بەشێکی کردوەتە بە ناوی سەکۆی سەربەخۆخوازان، کە لەو  سەکۆدا بەردەوامی کەسایەتیە نەتەوەییەکان دەناسێنێت و بیری نەتەوەییش لە رێگەی پرسیار و وڵامەوە تاوتۆێ دەکات.

ئیستاش بە شێوەی خوارەوە ڕاپۆرتی سیاسیتان پێشکەش دەکرێت.

## ڕاپۆرتی  سیاسی کۆنگرەی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان

کوردستانیانی بەڕێز.

لە نێوان زستانی ساڵی  ٢٠٠٦ و  زستانی  ٢٠٠٩ دا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە  جیهان و کوردستاندا ڕوویداوە کە بە پێویستی دەزانین تیشك بخەینە سەر هیندێک لەو ڕووداوانە، بە تایبەت ئەوەی کە پێوەندی ڕاستەو خۆو ناڕاستەو خۆی بە کوردەوە هەیە.

پارتی سەربەستیی کوردستان لە  سەردەمێکدا هاتە دامەزراندن کە گۆڕانکارییەکانی جیهان بە گشتی و ڕۆژهە ڵاتی ناڤین لە  شەپۆلدانداا بوون . ٤ ساڵ پێش دامە زراندنی پارتی سە ربەستیی کوردستان دیتمان کە      هێزەکانی ئە مریکاو  وڵاتانی هاوپە یمانی‌ان  ڕێژیمی دواکە وتووی ئەفغانستانیان تێکداو، لە   هەوڵی دامە زرراندنی دە وڵەتێکی دیمۆکراتی ل ە  ناوچەکەدابوون. هەرچەند پرۆسەکانی سیاسی لە ئەفغانستان لەگەڵ کێشەی تایبەت ڕووبە ڕوو دەبنەوە، ڕۆژانە کۆسپەکان و ئاسە واری تاڵە بانەکان ڕێگرن لە  پێشکەوتنی کۆمە ڵگای ئە فغانستان، لە ڕوانگەی ئێمەوە وەک پارتی سە ربەستیی کوردستان نە  مانی هە ر ڕێژیمێکی دواک ەوتوو دیکتاتۆر  لە ناوچەکەدا جێگای خۆشحاڵییە وە ڕێگاخۆشکەرە بۆ نەمانی دیکتتاتۆرانی داگیرکە ری کوردستان.

بە خۆشییەوە سالێک بە سەر ئازادی خاکی ئە فغانستاندا تێنەپەڕی بوو کە گەورەترین ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕۆژهەلاتی ناڤین و قاتڵ و بکوژی گە لی کورد، واتە ڕێژیمی بەعسی ئێراق لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا ڕووخا.

هاوڵاتیانی بەڕێز، کوردستانیانی هێژا،دەستپێکی هەزارەی سێیەم کە هەڵگری چەندین گۆڕانکاری و قەیرانی جیاواز بوو، گەلی کوردیش وە ک زۆربە ی گەلانی ڕۆژهە ڵاتی ناڤیندا بەشێک بوون لەمۆرە بەرچاوەکانی ئەم گۆڕانکارییانەی جیهان، لە سەرەوەی هەموویان ڕوخانی ڕێژیمی بەعس و لە سێدارەدانی سەرۆکی پێشوی ئێراق و دادگایی بەردەوامی پیاوانی ڕێژیمەکەی سەدام حسێنی دیکتاتۆر. لەو کاتانە دا زۆر جینایە ت کە ئەو ڕێژیمە بە سەر گە لی کوردیدا هێنابوو لە مەر بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی شارابوونەوە، بەڵام لە پاش نەمانی ئەو ڕێژیمە و دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و زۆر بەڵگەو دۆکۆمێنتی دیکە، زوڵم و زوری داگیرکەران بەسەر گەلی کورددازیاتر بۆ خەڵکی جیهان ناسران.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وە ک ڕژیمە کانی پێشووتری ئێران ، یەکێکە لەو ڕێژیمە داگیرکەرانەی بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان، ئەم ڕژیمە فاشیستانە بە درێژایی مێژوو گەلی کوردیان چەوساندۆتەوەو ئیستاش بەردەوام دە ستیان لە کوشتن و بەندکردن ومالوێرانی ودەربەدەرکردنی خە ڵک هە ڵنەگرتووە. سەرەڕای هە موو جۆرە سانسۆڕ وکوشتن و بە ندکردنی ئازادیخوازان، ئەو ڕێژیمە هەوڵیداوە لە ڕێگای ئەنفالی سپییەوە لاوانی کوردستان لەبەین ببات، بەکوشتنی مێشک و هزریان، لە ڕێگەی پیاوانی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئاشکرا لە شارە کورد نشینەکاندا مادە بێهۆشکەرەکان بڵاو دەکرێنەوە و بە پێچەوانەی تەواوی جیهان لە کوردستانی بندە ستی ئێراندا مە وادی موخە در بە نرخێکی زۆر هە رزان و بە ئاسانی دەست دەکەوێت و بڵاو دە کرێتەوە. پیاوانی سە ر بە دەزگا داپڵۆسێنە رەکانی ڕیژیم کە لە سەرەوەی هەموویان دە زگای زانیاری ( ئیتلاعات) ڕۆڵی سە رەکی دە بینێ لە داپلۆساندنی کەسایەتییە چالاک و سیاسیەکاندا، بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست ئێمە گەیشتون لە بەندیخانەکانیش زۆر بە ئاشکرا لە لایەن پاسەوانانی بەندییەکانەوە ئەو مادەیە دابەش دەکرێت بە سەر بەندییە سیاسییەکاندا، بە تایبەت لە کاتێکدا کە بەندیەک زۆر ئە شکەنجە دەدرێت و تە واوی جسمی خڵتانی خوێن و توشی ژانێکی زۆر دە بێت، لە کاتی گەڕانەوەیان لە ژووری شکەنجە بۆ ژووری بەندیخانە، لە کاتێکدا لێدراو لەبەر زۆری ئێش و ئازارەکانی هیچ ئاگایەکی لە دەورو بەری خۆی نییە، دوژمنانی مرۆڤایە تی وئازادی ئە و هەلە دەقۆزنەوەو لەو کاتە دا بە بیانووی یارمەتیدانی کەسی ئەشکەنجەدراو حەبە تایبەتیەکانی خۆیان کە گوایا حەبێکی ئارامبەخش (موسەکەنە) و ئێش و ئازار کەم دە کاتەوە، ئامانج وپلانەکانی خۆیان دە پێکن، لە حالێکدا کە ئەوحەبە پێچەوانەکەیەو بگرە موخەدەرات ومادەی ژە هراوی تێدایە، ئیدی لەو ڕێگە یەوە بەندیەکان ئالودە دەکەن. یا لە ڕێگەی دیکەوە پلانیان داناوە بۆ هیندێک لە بەندیەکان کە ئازادیان دەکەن، بەڵام بە لیدانی شرقەی تایبەت کە پاش چەند مانگ بە ندی ئازادکراو گیان لە دەست دە دات، ئەمانە گەورەترین جینایەتە کە نابێت ئێمەی کورد لەو بوارەدا بێدەنگی بنوێنین، ئیمە پێویستە هەنگاوی بە پەلە و جۆراوجۆر بۆ ئە و جیۆنایەتانە چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات هەڵبگرین.

ئەو ڕێژیمە وا کارنەمەی تە مەنی پڕ لە شەرم و دیکتاتۆری خۆی بۆ ٣١ ساڵ پڕ دەکاتەوە، بە پێشاندانی هێزو توانای دژ بە ئازادی ومرۆڤایەتیەکانی وا چاوەڕوان دەکات کە چەند ساڵی دیکە

تەمەنی پڕ لە جینایەتی بەردەوام بێت، بە ڵام چارە نووسی ئە وانیش زۆری نە ماوە وەک چارەنووسی بە عسییەکان و کۆنە پەرەستانی لێبێت. ئیستا دە بینین وی‌ژدانە نەخەوتووەکان ، هەروەها بەرژەوندیخوازان وا بە باش دە زانن ئە و ڕێژیمە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین نە مێنێت وسەرقاڵی کزکردن ونە مانی ئەو ریژیمە دژی ئازادییە ن. هەروەک دەبینین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتووەتە بەر ڕق وکینە ی جیهان وبە تایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو ڕێژیمە کە دوای ٣٠ساڵ بەردەوام خەریکی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ وهەموو یاسایەکی نێو نەتەوەی بووە، بە دەیان جار ل ە لایەن چاودێرانی جیهانی ەوە وەک ڕێژیمێکی پێشێلکاری بوارەکانی مافی مرۆڤ مەحکوم کراوە. ڕێکخراوە زلهێزەکانی جیهانی لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە ساڵانی ڕابوردوودا ئامادە نەبوون هیچ سزایە کی پێویست بە سەر ئە و ڕێژیمە دا بسەپێنن، بەڵام بە خۆشییەوە بەری سزادانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ٢ی بەفرانباری ٢٧٠٦ ی کوردی بەرامبەر بە ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠٠٦ ی زایینیەوە دەستی پێکرد، کە یەکەمین جار لە لایان ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری سزادانی ١٧٣٧ی بەسەر حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا پەسەند کرد . بەدوای ئە وەدا چە ندین سزای دیکە ی بە سەردا سە پاوە وا چاوەڕوان دە کرێت کە ئەوجۆرە سزانە بەردەوام بن، هە روەها وڵاتانی گرووپی ٥ + ١ بەردەوام سەرقاڵی ئەوەن کە چۆن ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرەستە بەرەو کزی و بێدە سەڵاتی ببەن یا بۆ هەمیشە لە ناوی بەرن.

ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان هیواخوازین کە سزاکانی ئابوری و فشاری دیکە تەنیا بۆ سەر بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران بێت نە ک خەڵکی بێتاوان وچەوساوە. بۆهەموو لایەک ئاشکرایە کە تاقمێکی بە رچاو لە ئاخوندە کۆنەپەرەستەکانی ولایەتی فەقێ دە ستیان بە سەر سەروەت وسامانی گە لانی بندەستی ئێراندا گرتووە، لە وڵاتانی دە رەوە بانکەکانیان پڕکردوە و سەرمایەیان پێدامەزراندووە. ئێمە پێمان وایە خاڵی یەکەم پێویستە کە کۆمەڵی نێۆنەتەوەیی لە هەوڵی ئە وەدا بن کە ئەو ڕێژیمە بە ڕێژیمێکی تروریست و داگیرکەر بناسرێت، نە ک تە نیا مەسەلەی چەکی مە ترسیدار بکرێتە تاوانێک لە تەنیشت ئەو دە وڵەتەدا، ئەگەر لە م هە زارەی سێیەمدا باس لە بەرەی دژە ترۆر دە کرێ، ئەوا مێژوو باشترین شایە تە کە دامەزرێنەری تروریستی لە سەدەی بیستەمدا لە لایەن ئ ەو حکومە تەوە دروستکراو پشتگیری لێکرا وە. تروركردنی دە یان ڕۆڵەی نیشتمان پە روەرو ئازادیخواز ی کوردستانی وگەلانی د یکەی بندە ست بەڵگەی زیندوو بە رچاون، بە تایبەت توروی کەسایەتییە کوردستانیەکان لە ئاستی جیهاندا زۆر ڕوون بوون و بە بەڵگە سەلمێندران.

ڕاپەرینەکانی پاش ئاکامی هە ڵبژاردنەکانی ئێران لە هاوینی ساڵی ٢٧٠٩ ی کوردی و ٢٠٠٩ ی زایینی لە زۆربەی شار ەکانی ئێران، و هە ڵسەنگاندنی سیاسی پارتی سە ربەستیی کوردستان ، چەند مانگێک پێش هە ڵبژاردنەکانی خولی دە یەمی کۆماری ئیسلامی ئیران، چە ند ئاخوندێکی کاندید کراو کەوتنە پڕوپاگەندەی ناراست بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک و کۆکردنەوەی دەنگی زۆر بۆ وە دەستهێنانی پۆستی سە رۆکایەتی، یەکێک لەو ئاخوندانە کە لەتەمەنی سیساڵەی ڕیژیمی ئیسلامی ئێراندا خاوە نی گە ورەترین دە سەڵات بووە ، ئاخوند کە ڕوبی بوو، ناوبراو لە م پڕوپاگەندانەدا خۆی کردبوو فریشتە ی دیمۆکراسی و باسی لە دابینکردنی ئازادی ومافی نەتەوەکانی بندە ست دە کرد، خۆشی بە کورد و نزیکایە تی لە کورد دە ناساند، بۆ ئە وەی بە م پڕوپاگەندەیە سەرنجی عاتفی خە ڵکی کورد ڕاکێشێت . بەڵام خۆشبە ختانە بەشی هە رەزۆری لایەنە سیاسییەکان و خە ڵکی هۆشیاری ڕۆژهە ڵاتی کوردستان ئە و هە ڵبژاردنەوە و

پڕوپاگەندەکانی کەروبیان بایکوت کردوبەشدارییان لەهەڵبژاردن نەکرد،گەلی کورد ونەتەوەکانی بندەست باش لەوە تێگەیشتبوون کە ئاخوندان لە دەورانی پێشوو بەڵێنی سەیرو سەمەرەیان زۆر بووە کە کردەوەی بە شوێندا نە بووە، هە ربۆیە لەم هە ڵبژاردنەیاندا هە وڵیاندابوو کە پڕوپاگەندەی نوێی سە ردەمیانە بێننە ئاراوە، کە بتوانن سە رنجی دە نگی ئازادیخوازان بە دەستبێنن.

پارتی سە ربەستیی کوردستان بە هەڵسەنگاندنی هۆشیارانە ی پڕوپاگە ندە بێکردەوەکانی ئاخوندانی کاندید، داوای لە خەڵکی کوردستان کرد لەو شانۆکارییە بە ناو هەڵبژاردنە بەشداری نەکەن و بایکۆتی بکەن.
ئاکامی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هاوینی ئەمساڵدا بە چاوەڕوانکراوی زۆربەی هەرە زۆری چاودێرانی سیاسی ئاشکرا بوو کە مەحمودی ئەحمەدی نژاد وە ک سە رۆک کۆماری تازەی ئێران زۆربە ی دەنگەکانی بە دەستهێنا یا بۆیان بە دەستهێنا، لە پاش ئاشکرا بوونی ئەو ئاکامە موسەوی کە خۆی بە ڕەقیبی ئەحمەدی نژاد دەزانی و واخۆی ئامادەکردبوو کە دەتوانێ لە دەنگهێناندا شکست بە ئەحمەدی نژاد بێنێ، بەڵام لە ئاشکرا بوونی ئاکامەکە ناوبراو بە بیانووی ئەوەی کە گوایا لە هەڵبژاردن تەقەلوبی کراوە داوای قەبووڵنەکردنی ئەوئاکامەو سەرلە نوێی هەڵبژاردنەوەی کردە وە، ئەو داوایەی سە ری نەگرت، ناوبراو لە ڕێگەی پشتیوانی و لاینگرانیەوە دەستیکرد بە خۆپێشاندان لە زۆربەی شارە کانی ئێرا ندا، کە ئەوخۆپێشاندانەش ڕێگە خۆشکەر بوون، بۆ بەزاڵەهاتووان ونەیارانی ئەو ڕێژیمە داگیرکەرە ودیکتاتۆرە. خۆپێشاندانەکان بۆ چەند مانگ بە گەرمی درێژە ی هە بوو، چە ندین کوشتارو بریینداری لێکە وتەوە، بەهەزاران کە سیش ڕاپێچی بەندیخانەکان کران. بەڵام ئەوەی کە لەو خۆپێشاندانانەدا بە زەقی و بە ڕوونی بەرچاو دەکەوت، کە ئامانج لە ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەبوو، بگرە ئامانج تەنیا بە دەستهێنانی دە سەڵات لە جەناحێکی ولایەتی فەقێ بۆ جە ناحێکی دیکەی هە مان ولایەت، واتە دەسەڵات بۆ موسەوی و جە ناحەکەی بوو. سیاسەتی پارتی سەربەستیی کوردستان لەمەڕ ئەم ڕاپەڕینانە سیاسەتێکی ژیر و هۆشیارانە بوو، بەردەوام داوامان لە خەڵکی کوردستان دە کرد کە خۆیان لە گڕی ئە و ئاگرە بپارێزن کە هیچ خێرو ئاکامێکی بۆ گە لی کورد تێدا نییە ، بگرە ماڵوێرانی وبە ندی زیاتری لێ چاوە ڕێ دە کرێت، ئێمە دەمانزانی کە خەڵکی بە زاڵەهاتووی کوردستانیش لە و خۆپێشاندانە دا دە یانەوێ بێزارییە کانی خۆیان لە و ڕیژیمە دەرببڕن، بە ڵام دیاربوو کە زیانەکانی زیاترە لەوەی کە خەیاڵ دە یویست، کە مخابن لەو خۆپێشاندانە نش لە هیندێک لە شارەکانی ئێران واتە دەرەوەی ڕۆژهە ڵاتی کوردستان چە ند کوردێکیش گیانیان لەدەستدا،لە شارەکانی کوردستانیش بە سەدان کورد ڕاپێچی بەندیخانەکان کران، ئێمە بە گشتی هەڵسەنگاندنێکی سیاسی و ناوچەیی بە و ڕاستییە ش گە یشتبووین کە نابێت هێزی کوردی پشتیوانی لە هیچ پڕۆژە یەک بکات کە لە هەوڵی پشتیوانی کردنی جە ناحێک لە جەناحەکانی ڕێژیمدابن، ئەگەر لە ژێر هەر بڕوبەهانەیەکی تاکتیکی سیاسیشدا بێت . دیارە تا کاتی بە ڕێوە چوونی کۆنگرە ی یەکەمی پارتەکەمان هەل ومە رج لە ئێراندا ڕۆژ تا ڕۆژ دژوارتر دە بێت، لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش ئێش و ئازارە کان زیاتر دەبن، هەر ئیستا کە لە ساڵۆنی کۆنگرە داین بە داخەوە هەواڵی لە سێدارەدانی ڕۆڵە یەکی گەلە بندەستەکەمان بە ناوی ئیحسان فە تتاحی بڵاوبووەتەوە، ڕوانگەی ئێمە وەک پارتی سە ربەستیی لەسەر ئە م هە ل ومە رجەی ئیستای ئێرانیش ڕوونە، ئێمە پێمان وایە بوونی سەرۆکێکی وەک ئەحمەدی نژاد دەتوانێ خرابکارییەکانی ئەم ڕێژیمە زیاتر بە جیهان بناسێنێ و بە رەو مەرگ و نە مانی ببات، دە نا ئاخوندانی دیکە ی ڕێوی سیفەت لە سیاسەتکردندا تەنیا وتەنیا دەتوانن چەند ساڵێ دیکە تەمەن بە مانەوەی ئەم

ڕێژیمە ئازادی کوژ و کورد کوژە  بدەن، هەروەک سەردەمی سەرۆکایەتی خاتەمی دیتمان بە ٨ ساڵ دەسەڵاتدارێتی ناوبراو کارێکی واىکرد کە تەمەنی جینایەتکارانەی ئەو کاتی ڕێژیم لە بیر هیندێک لە وڵاتانی دەرەوە بباتەوە. بەڵام بە سەرۆک بوونی ئەحمەدی نژاد لە دەورەی نۆیەم و دەیەمیشدا دیتمان ئێران  و کردەوە خراپەکانی کەوتەوە بەرباسی ڕێکخراو وڵاتان ومیدیاکانی جیهانییەوە.

لە ڕوانگەی ئێمەوە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، ئەوانەی خۆیان بە نەیاری ئەحمەدی نژادی دیکتاتۆر دە زانن، ئەوان لە ئەحمەدی نژاد زیاتر تامە زرۆی مانە وەی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێرانن، پە یڕەوانی ڕاستە قینەی شە رایتەکانی ولایە تی فە قین. هەرکامیان لە سەر دەسەڵاتبن بۆکورد ومافەکانی گەلی کورد یەک بڕیارن، ئەو بەڵێنانەی کە کەروبی و موسەوی بۆ خەڵکیان دەدا لە سەرەتایی ئینقلابیشەوە ئەوە لە ئارادا بووە، بەڵام هەرگیز بە کودەوە ئەنجام نەدراوە. هەربۆیە لە ڕوانگەی ئێمە وە هەموو بڵێنییە کانی ئاخوندە کان تە نیا بۆ فریودانی خەڵکەو بە س. لە ڕوانگەی دیکەشەوە ئێمە پێمان وابوو مانە وەی ئەحمەدی نژاد لە سەرۆک کۆماری ئێران زۆر باشترە  لە هاتنی کەسی دیکە، مەبەستیش لەو هەڵسەنگاندنە ئەوە بوو کە کردەوەکانی ئەحمەدی نژاد دەتوانی خرابکارییەکانی ئێران زیاتر بە جیهان بناسێنێت.

## بۆ دەبێت خەبات بکەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان

کوردستانیانی هێژا، ڕۆڵەکانی چاوە ڕوانی سە ربەستی و  سەربەخۆیی یەکجاری کوردستان. ئێمەی کورد کە یەکێکین لەگەورەترین نەتەوەکانی ئەم جیهانە و بەڵام تائێستاش خاوەنی کیان و دەوڵەت وسەربەخۆی خۆمان نین، دەبێ هەمیشە بپرسین بۆ؟ بۆ نەمان توانیوە ببینە خاوەنی سەربەخۆیی خۆمان؟ نەتەوەی ئێمەی کورد لە هێچ شۆێنێکێ دیکەوە نەهاتووین وخاکی گە لێکی دیکەمان داگیر نە  کردوە، بەڵکو بە ڵگەمێژوەیەکان دە یسەلمێنن کە  گەلی کورد  خاوەنی فەرهەنگێکی لە مێژینەو خەباتێکی بێ پسان و دورو درێژو خوێناوییە  و هە زاران ساڵە لەو نێشتمانە پڕ پیت وە ولەمەنەدە دەژی کەناوی کوردستانە، کۆڵنە دەرانە و بێوچان هەردەم بۆ پاراستنی زمان وکولتورو ناسنامە ی نەتەوایەتی خۆی کە لە لایەن داگیر کەرانەوە هەوڵی لەناو بردن وسڕینەوەی دراوە خە باتی کردووە،کەوابوو بۆ گەیشتن بەکاروانی شارستانیەتی جیهانی و ژیانێکی سە ربەست وئازاد . بێجگە لەوەی کە  دەبیین بە خۆشیەوە نیمچە سەربەخۆییەک کە هیوای مە زنتری بە شۆێندایە لە باشوری کوردستان هەیەو خاوەنی سەرۆک وسەرۆک وە زیر و سەرۆک پەرلەمانی کوردستانە. دەنا گشت بە شەکانی کوردستان  تا ئیستاش لە  ژێر ستە می داگیرکەراندا دەناڵێنن.کە شایانی .........................................................................

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەبات بۆ سەربەخۆیی

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وە ک هە موو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان بە ردەوام لە سەنگەری بەربەرەکانی و خەبات بووە، هەمیشە لە پێناو بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەگەڵ حکومەتی پێشووی پاشایەتی و ڕێژیمی ئیستای کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەربەرەکانی کردووە، بە دەیان هە زار ڕۆڵە ی تیکۆشە ری کردوە تە قوربانی خەبات لە پێناو ئازادی وسە ربەستیدا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێرای دە یان خەبات وجولانەوەی نیشتمانپەروەرانە لە ماکۆوە تا ئەیوان

بەڕێوەجووە. لەهەموویان گرنگتر کە بۆ یەکەمجار دەوڵەتی کوردی لە کوردستان لەو بەشەدا دامەزراوە، کە ناوی کۆماری کوردستان بووە، کە بەڕاستی بە بەشداری جەنەڕاڵ مەلا موستەفای بارزانی و تێکۆشەرانی دیکەی باشوری کوردستان و بەشەکانی دیکەدا بە کردەوە سەلماندوویەتی کۆماری گشتی کوردستان بووە ، بە پێچەوانەی هیندێک بە ناو مێژوو نووسی فارس وکورد کە مخابن بە مەبەستی بچووک کردنەوەی ئەو دەستکەوتە مەزنە بەکۆماری مهاباد ناو دیری دەکەن، کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان، کە ئەمڕۆ بووەتە مێژوویەکی پڕلە شانازی هەموو کوردستان، یەکێکە لە خەباتە نەتەوەییەکانی هەموو کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەلاتی کوردستان کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان ڕاگەیاندبوو.

کوردستانیانی وڵاتداگیرکراو!

ئەو مافە ڕەوایەی ئێمە وەک نەتەوەییەکی سەرەوەی ٥٠ ملۆێنی کە سەربەخۆیی یەکجارییە، بە پڕوپاگەندەی نەیارانمان و خۆشکە کردنی پڕوپاگەندەکەش لە لایەن هیندێک حیزب و لایەنی کوردییەوە، وایلێکردووین کە بە ترس و دڵە راوکێ باس لە سەربەخۆیی کوردستتان بکەینەوە. خەبات بۆ سەربەخۆیی مافێکی ڕەوا و دروستی هەر نەتەوەیەکی بندەستە، بە تایبەت نەتەوەی ئێمەی کورد کە لە درێژایی مێژودا و بە ئەزمونی گۆڕانی چەند شێوە دەوڵەتیکی دەسەڵاتدار لە ناوچەکەدا هەمیشە هەر مافەکانمان پێشێلکراوە، هۆکارەکانیشی ئەوە بووە کە لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی زەمینەی دروست بوونی دەوڵەت و سەربەخۆیی بۆ زۆر نەتەوەیی بندەست ساز بووە، بەڵام گەلی کورد وێرای ڕێگری و پلانی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە، یەکنەبوون و نایەکگرتویی وایلێکردن کە لەو ئەزموونەشدا بە جێبمێنین! مخابن وا نزیک بە ٦٥ ساڵ بەسەر ئەو مێژووەدا دەڕوات کە چی پارتە کوردستانیەکان ئیستاش هەرهەل ومەرج بەگونجاو نازانین وهەر خەریکی ئاوەدانکردنەوەی پێتەختی وڵاتانی داگیرکەرمانن. سەڕەرای ئەو هەموو ئەزموونە مێژوویانە لەوە فێر نەبووین کە هەرگیز کەس بانگمان ناکات بۆ سەر سفرەی حازری، دەبێت ئێمەی کورد بۆ خۆمان ئەو هەل ومەرجە بقۆزینەوەو کۆڵنەدەرانە کاری لەسەر بکەین. شک لەوەدا نییە خەبات کردن بۆ سەربەخۆیی کۆسپی زۆرە لە گشت بوارێکدا . بەڵام دەبێت ئێمەی کورد ئەوە وەبیری خۆمان بێنینەوە کە بۆ کام شێوە خەبات کۆسپی خرابمان نەدیوە، ئەی ئەگەر دەیان ساڵی دیکە هەر خەبات بکەین و لە چوارچیوەی ئەو ڵاتانە بمێنینەوە خۆمان بە خەڵکی ئەو وڵاتانە بزانین، کە وابێت کوا گەلەکەمان ڕزگار کردوە ؟ بە بۆچونی ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، ئەو شێوە خەباتەی کە کورد بە ئێرانی بناسرێت، دووبارە دابەشکردنی کوردستانە بە بەڵگەیەک کە کورد بۆ خۆی واژۆ دەکات و پەسەندی ئەوە دەکات کە داگیرکەران خاکی کوردستان بە خاکی خۆیان بزانن . بەو جۆرە سیاسەتانە بە ئاسانی خاکی کوردستانیان پێدەبەخشین و بەتەواوی پشتیوانی نێۆنەتەوەییش لە دەست دەدەین .
لەوبوارەدا پارتی سەربەستیی کوردستان خاکی خۆرهەلاتی کوردستان و دانیشتوانی بە پێی پێناسە مێژووییەکان هەرگیز بە ئێرانی ناناسێتت . ئەو پڕوپاگەندەی کە گوایە کوردەکان خاوەنی ڕەسەنی ئێرانن بە تەواوی ڕەد دەکاتەوە، هەروەها بە ئامرازێکی دەزانێت بۆ سڕینەوەی هەستی نەتەوایەتی تاکی کورد لەو بەشە داگیرکراوەی کوردستاندا.

هەروەها پارتیمان خەبات بۆ سەربەخۆیی بە خەباتێکی ڕەوا دەزانێت وبانگێشەی سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکات بۆبەشداریکردن لە خەبات بۆسەربەخۆیی وسەربەستیی یەکجاریمان. سەربەخۆیی مافێکی ڕەوای کوردە، گەلی ئێمە داوای داگیرکردنی خاکی هیچ نەتەوەیەک ناکات،

ئێمە خاکمان براوە و داگیرکراوە و دەبێت قۆناخی خەباتمان تەرخان بکەین بۆ ڕزگار کردنی خاکەکەمان لە ژێرچنگی داگیرکەردا. ئێمە دەبێت داگیرکەر لە کوردستان دەربکەین. ئەو هەموو بەڵگە ڕاستیانەی مێژوویی وجۆگرافیایی کوردستان ئەوە دەسەلمێنن کە بێجگە لە سەربەخۆی سیاسی وئابوری وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وبووژاندنەوە وگەشە پێدانی کولتور و زمان وئەدەبی نەتەوایەتی، هیچ بانگەوازو دروشمێک و تاکتیکێکی دیکە ناتوانی ڕزگارمان بکات.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بندەستی وڵاتێکی داگیرکەردایە کە چەند نەتەوەی دیکە وەک دراوسێێ کوردستانی تێدا دەژی و خاکی ئەوانیشیان داگیرکردوە. لە درێژەی مێژووی ئەو داگیرکردنەدا بێجگە لە نەتەوەی دەسەڵاتداری فارس، نەتەوەکانی دیکە بە گشتی لە نیشتمانی داگیرکراوی خۆیاندا لە هەر چەشنە مافێکی ڕەوای نەتەوایەتی بێبەشکراون، لە وڵاتێکی ئاوا داگیرکەردا نەتەوەکانیتر لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی وفەرهەنگیدا چەوساونەتەوە و لە هەموو مافێک تەنانەت لە خوێندن بە زمانی زگماکیش بێ بەشکراون، ئەوە بەڵگەیەکی ڕاستی وحاشا هەڵنەگرە کە گەلی کورد زیاد لە هەموو ئەو گەلانە بەرامبەر بە داگیرکەران خەباتی کردووە و قوربانی داوە ، ئێستاش لەم سەردەمەدا، بە خۆشیەوە دەبینین خەبات بۆ ڕزگاری لە ژێر ستەمی داگیرکەران لە نێو گەلانی دیکەی بندەستی ئێران سەریهەڵداوە، کە ئەمەش ئۆمێدێکی زیاتر بە پەرەسەندنی بیرۆکەی سەربەخۆخوازی دەدات. ئەگەر گەلی کوردی بندەستی ئێران وەک تەنیا گەلێک لە ناوچەکەدا خەبات بکات بۆ سەربەخۆیی، گومان لەوەدا نییە کە خەباتێکی یەکجار دژوار دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو 5 گەلە هەموویان خەبات بکەن بۆ جیابوونەوە لە ژێر چنگی دەسەڵاتی هەزاران ساڵەی ئیمپراتۆری فارسی، ئیدی ڕێژیمی حاکم بە چۆکدا دێنێ و نەتەوە بندەستەکان رزگار دەبن و ئیتر ژێردەستە نابن. ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ بە ئێران ناسراوە تەنیا ٢٥% لە نەتەوەی فارس پێکهاتووە، ٧٥% لە نەتەوەکانی دیکەی وەک کورد، تورکی ئازەری، عەرەبی ئەحواز، بەلوچ، تورکمەن سەحرایی و هتد پێکهاتووە، کە ئەگەر ئەو ٧٥% لەو وڵاتە بیانەوێت سەربەخۆ ببن، هیچ توانای بەرگری کردنێک لە ورێژیمەدا بە دی ناکرێت، بە بۆچوونی ئێمە هیچ زلهێزێکی ئەم جیهانە، بە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە ناتوانن بەر لە داخوازی 5 نەتەوەی بندەست بگرن کە داوای سەربەخۆیی و دیاریکردنی مافی چارەنوسیان دەکەن. دیارە وەک ئەمڕۆ لە عێراقی عەرەبیدا دەبینین کە گەلی کورد تەنیا نەوەتەیەکی غەیرە عەرەبە لە ناوچەکەدا لە لایان شۆفینیستی عەرەبیدا خاکی داگیرکراوە ، ڕۆژانە دەبینین کە چەندە کۆسپ دێنە سەر ڕیگای باس کردنی سەربەخۆیی لەو بەشە نیمچە ڕزگارکواوەی کوردستان، هۆکارە کەشی بێجگە لە نارەزایی وڵاتی تورکیا، هاوکات ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی و دەیان دەوڵەتی دیکەی بە ناوی ئیسلامیش دژایەتی جیابوونەوەی کوردستان لە و ناوچە دەکەن. جا ٤ گەل لە وڵاتی داگیرکەری ئێران رزگاریان بێت، نەیارانی کورد ناتوانن بەسەر ئەو گەلانەدا باز بدەن و بێنە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تەنیا دژایەتی ئەو جوڵانەوەی کورد بکەن. هەم لە بواری هێزەوە و هەم لە بواری گەیشتن بە ناوچەکانی کوردستان ئەو تواناو ڕێگایان نامێنێت . دیارە ئەمە پرۆژەیەکی زۆر گرنگە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە دەبێت بە سیاسەتێکی یەکگرتوو و ژیرانە بەرنامە ڕێزی بۆ بکەن وبتوانن بە یەک دەنگی پلانی بۆداڕێژین و بە ڕێوەی بەرن.

کوردستانیانی بەڕێز:

ئەگەر ئێمە ی کورد بمانە وێ بە هەڵگرتنی دروشمی فیدراڵی ، گوایە تاکتیک بە کار دێنین بۆ دەرەوە و دراوسێکانمان، بۆ ئەوەی دڵی دراوسێکانیشمان تۆزێک نەرم بکەینەوە و دوایی خۆمان بۆ سەربەخۆیی ئامادە بکەین، ئە وا شتێکی ڕوونە وە کە هەموو نە یارێکی کورد دە زانی کورد مەبەستی لە فیدراڵیش هە ر سەربەخۆییە لە ئایندەدا، جا کە وابێت بۆ هە ر لە ئیستاوە پێش ڕووخانی ئەو ڕێژیمە دروشم وشوعاری خەباتەکەمان نەکەین بە سەکۆی پێگەیاندن وئامادەکردنی خەڵکمان بۆ سە ربەخۆیی ودروست کردنی دە وڵەتی سەربەخۆی کوردی لە پاش ڕوخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ئێمە پێمان وایە چی دیکە پێویست ناکات کە دیسان 20 ساڵی دیکەش چارە نووسی گە لەکەمان لە ژێر ناوی فیدراڵی یا ئۆتۆنۆمی دوا بخە ین، ئە گەر ئێمە لەو هە لە هەڵکەوتووانە کەڵک وە رنەگرین، دیسان دوژمنەکانمان لە بوارێ هێز و دە سەڵاتەوە خۆیان دەگرنەوە و بەرەنگارمان دەبنەوە. مێژو زۆر باش شایەتی لە بڕیار و بەڵێنەکانی خومەینی دەدا کە پێش وە رگرتنی دە سەڵات چ بەڵێنگەلێکی بە گەلی کورد دە دا، بەڵام لە کاتی کۆکردنە وەی سوپای ئیسلام واتە پاسدار چ کوشت و کوشتارێکی بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا هێنا . بە داخەوە زۆرجاریش لە لایەن هیندێک لە پارتە کوردیەکانەوە باس لە وە دەکرێت کە گۆیا هەڵگرتنی ستراتیژی سەربەخۆیی زەنگێکی خەتەر و خەتی سورە بۆکورد و نابێت لەم سەردەمەدا باسی لێوە بکەین. ئەی ئە گەر ئێستا د وای ٨٥ ساڵان بندە ستەیی ئە م مافە بەرز نە کەینەوە، کەواتە کەی بەرزی بکەینەوە؟ ٨٥ ساڵی دیکە ڕاوەستین و سە دان هەزار ئەنفالکراو و شیمیایی بارانی تر ببینین. ئەم جۆرە خۆ بەکەمزانینەو باوە ر بە خۆنەبوونە چاوەڕوانی زۆر نە هامەتی دیکەمان لێدە کات. ئەگەر گەل بە تێکرا پشتگیریمان بکات، ئەوا بێگومان ئەم کارە زۆر ئەستەمە ئاسان دەبێتەوە. بۆیە ئەرکی هەموو لایەکمانە گەل بۆ ئەو پشتگیری و خواستە چارەنوسسازەدا ئامادە بکەین.

ئێمە وەک پارتی سە ربەستیی کوردستان پێمان وایە ئەگەر خۆمان نەترسانە کاری بۆ بکە ین نابێتە زەنگی خە تەر و دە توانین بە جیهانی بسەلمێنین کە داواکردنی مافی سە ربەخۆیی بۆ هەرنەتەوەیەک مافێکی ڕەوایە و بۆدەبێت بە توووند و مەترسیدار چاوی لێبکرێت؟ ئەوە دوژمنانی چەند ساڵەمانن وایان لێکردوین لە بەکارهێنانی وشەی سەربەخۆیی خۆفمان هەبێت، ئێمەی کورد بە سەدان هەزار شەهیدمان لە هەمو کوردستان داوە لە پێناو داوای زۆر بچووک لە ئاستی مافە ڕەواکانی گەلی کورددا . کەوابێت مێژوو پێێ سەلماندووین ئێمە بە شەهید بوون و تۆقاندن واز لە مافەکانی خۆمان ناهێنین، با دوژمنانمان لە پێناو سەربەخۆییش بڕێک هەڕەشە وتۆقاندن بەکار بێنن، ئەوان بە هەموو شێوە خەباتێکی کورد ناڕازین، داوای فیدراڵی بکەی هەر لای ئەوان تاوانە کە وابێت سەربەخۆیش هە رهەمان تاوانە. بە بۆچوونی ئێمە سەربەخۆیی تە نیا ڕێگای ڕاست و دروستی ئێمە یە و نابێت سڵی لێ بکە ین. ئەگەردەڵێن ئەو شوعارە ئیستا کاتی نە هاتووە ئەوا هەرگیزکاتی نایە ت، دە بێت ئێمە ی کورد بۆخۆمان ئە وکاتە دروست بکە ین، لە ڕوانگەی جیهانیشەوە بێجگە لەو ٤ وڵاتە داگیرکەرەی کوردستان نە بێت هیچ وڵاتێکی دیکە ناتوانێ بە مافی ڕەوای ٥٠ ملۆێن خەڵک بڵی تاوانە ، ئەگەر ئەو وڵاتانە باوەڕیان بە جاڕنامە و یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهانەوە هەبێت. لەوێدا بۆیان ڕوون دە بێتەوە کە گەلی کورد مافی خۆیە تی و ڵاتی سە ربەخۆی هە بێت، بۆ ئە و کارە ش پێویستە کورد خاوەنی دیپلۆماتییێکی کارامە و بە رەیەکی یە کگرتو و یە کدەنگ بێت، بۆ ئە وەی بتوانێ ئە و داوایە بگەیەنێتە گۆی جیهانەوە.

شۆفینیستی حاکم لە ئێراندا لە ماوەی سەدان ساڵ لە مە پێشەوە و تا ئیسڕتاش بێجگە لە کەم کردنەوەی جۆگرافیایی خاکی کوردستان ، هەمیشە ئەو پڕوپاگەندەیان بڵاو کردوە تەوە کە ئەگەر گەلی کورد لە ئێران دابڕیت، لە بواری ئابوردیدا هیچی نییە و خەڵکەکەی لە برسا دە مرن، دەتوانین بڵێین کە ئەم پڕوپاگەنەدە دوور لە راستیە بەداخەوە تا ڕادەیەکی کەم شک وگومانی خستۆتە نێو کۆمەڵگاکەمان، بەڵام بە پێێ ئەو زانیاریانەی کە ئێمە لەو ماوە کورتەد لە بواری ئابوری کوردستاندا دە ستمان کەوتووە کە بەشێکی زۆری داهاتی نە وت و گازی وڵاتی ئیستای بە ناو ئێران لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە کرماشان و ئیلام دابین دە کرێت. هەروەها خاکی ئەو بەشەی کوردستان وەک بەشەکانی دیکەی خاکی کوردستان پڕە لە سامانی سروشتی، وەک نە وت، زێڕ، گۆگرد، کشتو کاڵ و ئاسن و بە ردو داهاتی گومرگە کانی سنووره کان و هتد... داگیرکەران هەرگیز نەیانویستووە سامانەکانی ئەو ناوچانە ئاشکرا بکەن، ئەوان لەوە ترساون کە ئەگەر سامانە دەوڵەمەندەکانی ئەو ناوچانە ئاشکرا بکرێن و ئە وا بیری سەربەخۆیی یا بە قسەی خۆیان (تەجزیە تەڵەبی) لە نێو کورداندا زیاتر گەشە دەسێنێت، ئەوان لە مێژ ساڵە دێنە سەر سفرەی حازری ئابوری لە خاکی کوردستان. ئەوان زۆر جار باس لە و دەکەن کە کوردەکان جیا ببنەوە ناتوانن لە بواری ئابوریدا خۆیان ئیدارەبکەن. لە وڵامدا ئەوە زۆر ڕوون وئاشکرایە کە ئەگەر بیانزانیبایە گەلی کورد ناتوانێ خۆی ئیدارە بکات و لە بواری ئابوریدا پێویستی بە تارانە، ئەوا لە مێژ ساڵ بوو شۆڤینیستەکان وازیان لێ دە هێنایین و بە زۆریش بوایە جیایان دەکردینەوە! بە سەدان وڵاتی سەربەخۆ هەیە کە بە قەت ١٠% کوردستان ئاستی ئابوریان باش نییە بەڵام خەڵکەکەشی لە برسا نەمردون وتوانیویانە بە سیاسەتی ژیرانە کێشەی ئابوری خۆیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیاندا جێبەجێ بکەن. بەڕاستی زۆر گرنگە کە ئێمەی کورد چی دیکە کات و ساتی خۆمان بە و قسە و قسەڵۆکانە بە فیڕۆ نەدەین وبا بگەینە ڕاستیەکان و چیدیکە لە بیری ئاوەدانکردنەوەی تاراندا نەبین و چاو لە دەستیان نەکەین، با کوردستانی داگیرکراومان ڕزگار بکەین، ئابوری کوردستان ببوژێنینە وە و سەرنجی کۆمپانیاکانی جیهان بۆ سە رمایەدانان لە کوردستاندا ڕاکێشین،تا بەم شێوەیە کوردستان بگەیەنینە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان.

## هەلو مەرجی گشتی کوردستان.

**باشووری کوردستان.** باشوری کوردستان لە سەد ساڵی ڕابووردە وە تا هەنووکەش بەردەوام لە سەنگەری بەربەرەکانێدا بووە ، هەمیشە ئامانجی سەرەکی پلان و کۆمەڵکوژی ڕێژیمی ئێراقی داگیرکەر بووە ، وێرای دە یان ساڵ خە باتی ئاشکراو بە رچاو ئەو بە شەی کوردستان، پێناسە ی سەدان هەزار ئەنفالکراو شەهید وماڵوێرانیە کە مێژوو ناتوانێ نکوڵی لێبکات . بە خۆشییەوە ئاکامەکەی خەریکە بەرەو ڕووناکی دەڕوات، سەرەڕایی بوونی دەیان کۆسپی وڵاتانی دراوسێی و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز و پلانە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا. لەم سەردەمەدا کە دەبیینی بە خۆشیەوە نیمچە سەربەخۆییەک کە هیوای مەزنتری بە شۆێنداێه لە باشوری کوردستان هەیەو بەچاوی خۆمان دەبینین کە گەلی زوڵملێکراومان لەباشوری کوردستان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە سەرۆکی کوردستان وسەرۆک وەزیری کوردستان و سەرۆک پەرلەمانی کوردستانمان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بە و پە ڕی سە روەرییەوە دەبینین کە ئیستا هە م سە رۆکی ئێراق و هەم بەشێک لە وەزارەتە گرنگەکانیشی هە ر لە تێکۆشەرانی کوردن، ئەمەش بەڵگەی زیندووی خۆڕاگری وئازادیخوازی گەلی کۆڵنەدری کورد لە باشوری کوردستان. ئەوەی کە بە هەڵپسراوی لە باشوری کوردستان ماوەتەوە. مەسەلەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی سەر هەرێمی کوردستان. ئێمە داوا لە گشت تێکۆشەران وحیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان دە کەین، کۆڵنەدەرانە لە

هەولّوتێکۆشاندابن بۆ گە راندنەوەی ناوچە دابراوەکانی کوردستان، بۆ سە ردەسەلاّتی هە رێمی کوردستان.

**باکوری کوردستان**. ئەو شوێنەیە کە مەلّبەندی بەشی هەرە زۆری کوردستانیانە، بە پێی چەندین سەرچاوەی جیاواز ئاماژە وە بەوە دەکەن کە ئاماری کوردە کانی بندە ستتی تورکیا دە گاتە سەرەوەی ٢٥ ملوێن. وەک دەبینین گڕی خەباتی بەردەوامی ڕۆلەکانی باکوریشمان ولاّتی تورکیای خستووەتە ژێر فشاری ناوخۆ ونێونە تەوەییەوە، ئەو بەرخۆدانە دەولّەتی تورکیای ناچارکردوە کە گەلێک ئالّوگۆڕ لە سیاسەتی خۆی بە رامبەر بە کورد پێک بهێنیت، هە رووەها شۆڤینیستە کانی تورکیای زیاتر نگران کردوە . لەچەند سالّی ڕابووردودا دیتمان کە هێزەکانی سەربازی دەولّەتی تورکیا بە بیانووی ڕاونانی تێکۆشە رانی باکوری کوردستان، هێرشی فرۆکە وتۆپ بارانی بەردەوامیان دەکردە سەر خاکی باشوری کوردستان و بە هەزران خەلّکیان لە زێدو شوێنی ژیانیان دەربەدەر دەکرد، ئەمەش شاراوە نییە کە ڕێژیمی تورکیا چاوی بەو سەرکەوتە مەزنانەی باشوری کوردستاندا هەلّنایەت. شک وگومانیش لەوەدا نییە کە لە داهاتوودا ئەو جۆرە کردەوانەی تورکیا بەردەوام بێت . تورکیا لە لایەکی دیکەوە زۆر نگرانی ئە وەیە کە ڕۆژانە گوێ بیستی کردنە وەی کۆنسولگەری ولاتانی ئورو پاییە لە کوردستان، کە ئەمەش وەک خۆ ئامادە کردنێک دەبینرێت بۆ ڕاگەیاندنی دەولّەتی سەربەخۆی کوردستان، هەر بۆیە تورکیاش وەک گورگی برینداری لێهاتووە و بە پەلە بە مەبەستی مامەلّەو سەودای سیاسی وئابوری سەفەری ئە مریکا و ولاّتانی جیهانی دەکات، بۆ ئە وەی نە هێلّن گە لی کورد سە ربەخۆ بێت . کەوابێت پێویستە ئێمەی کوردیش زۆر دیپلوماتانە لە هەولّی ڕازیکردنی ولاّتانی زلهێزی جیهاندا بین . بۆ سە ربەخۆ کردنی خاکی کوردستان. گەڕانەوەی هیزێکی چە کدار وتێکۆشە ری باکوری کوردستان لە گەلّ ژمارە یەک پەنابەری کەمپی مەخمور و پێشوازی ئەو هەنگاوە لە ئاست باکوری کوردستان وجیهان، فشارێکی دیکەی سیاسی بوو بۆ دە ولّەتی تورکیا، کە ڕۆژانە خۆی لە نێوان ٢ سەنگەردا دەبینێتەوە، یا سەنگەری بە دیمۆکراتیزەکردنی ولاتەکەی یا ڕیژیمێکی دیکتاتۆر و دژە کورد بێت.

**ڕۆژئاوای کوردستان**. ڕۆلّەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیشمان تینی خە باتەکەیان لە جاران زیاتر بووە و ئە و ڕێژیمە ی کە سالانی پێشوو حاشای لە ناسنامەی زیاتر لە 2 میلیۆن کورد لە و بە شەدا دەکرد، ئیستا خە ریکی وە خۆ کە وتنن و دە یانەوێ دوای دەیان سالّ تازە کوردەکان بکە ن بە خەلّکی سوریا و پێناسە ی سوریایی بوونیان پێبدە ن! بەلاّم تێکۆشە رانی ڕۆژئاوای کوردستان هەرگیز خەباتیان بۆ وەدەستهێنانی ناسنامەی سوریایی بووندا نەکردوە، بەشکو خەباتیان بۆ بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانیان کردوە ، ئە وەی کە زۆر جێگای خۆشحالّیە بۆ ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا باسی لێوەبەکین، ئەوەیە کە بە پێی چەندین هەوال لە دۆستەکانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان بە دەستمان گە یشتوون، کە چەند هێزێکی ئە و بە شەی کوردستان، سە رقالّی یە کگرتنن. ئێمە ئاواتەخوازین ئە و پرۆسەیان سە ربگرێت وببێتە مایەی دلّخۆشی و گە یشتنی بە مافەکانی نەتەوەیی کوردەکانی بندەستی سوریا.

**کوردستانی سوور**، دەتوانرێت بە بەشی پێنجەمی کوردستان پێناسەی بکرت، زۆر کات وا باسکراوە کە کورد تەنیا لە ٤ دەولّەتدا هەیە یا لە لایەن ٤ دەولّەتەوە دابەشکراوە، ئیدی ئە وەش وای کردوە کە زۆر جار کوردە کانی کوردستتانی سوور لە یاد بکرین . دیارە ژیانی کوردە کانی دابەشکراو بە سەر دەولّەتە سەربەخۆکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا لە ئاست زولّم و زۆردا لە زۆربەی بە شەکانی دیکە ی کوردستان باشتربوون، ئە و کوردانە لە زۆر لە بەشەکانی سۆڤیە تی

پێشوودا هەن، لە پاش سەربەخۆبوونی زۆربەی نەتەوەکانی ئەو دەڤەرانە، کوردەکانیش بە پێی هەڵکەوتەی جۆگرافیاییان بە سەر چە ند دە وڵەتی سە ربەخۆیی ئە و ناوچانە دابەشکراون. دوورخستنەوەی ئەو کوردانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێکەوتننامە شوومەکانی سەدان ساڵ کە بۆ دابەشی سەر گە لی کورد بوو، بە پێی چە ندین سە رچاوەی جیاواز ژمارە ی گشتی کوردە کانی ناوچە سەربەخۆکانی سۆڤیەتی پێشوو لە سەرەی ١ ملۆێن و نیوە. بێجگە لەوەش سەدان هەزار کورد لە لوبنان و زۆربەی وڵاتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناڤین هەیە، هەروەها لە ٥٠ ساڵ پێشەوە تا ئەم سە ردەمە بەردەوام زیاتر لە ٢ ملۆین کوردیش پە رێوەی وڵاتانی هە ندەران بوون. پارتی سەربەستیی کوردستان بە ئەرکی سە رشانی خۆی دە زانێت کە پشتیوانی لە و کوردستانیانە ی کوردستانی سوربکات. لەڕووبەڕوو بوونە وەلەگەڵ هە رکێشەوئازارێکدا دە نگیان بە گۆی جیهاندا بگەیەنێت.

**کوردە دوورخراوەکانی لای خۆراسان** : پلانی دوورخستنە وەی کوردستانیان هە ر لە ٥٠٠ ساڵ پێشەوە درێژەی هەبووە، هێزەکانی داگیرکەر ودەسەڵاتدارێتی ئەو سەردەمە هەمێشە لە یەکێتی و تواناکانی کورد ترسیان هە بووە، بۆیە بەرنامەی پرش وبڵاوکردنی کوردیان هە بووە، کوردەکانی خۆراسانیش ئەو بەشە کوردەن کە بوونەتە ئامانجی ئەو پلانەی پێشوو، ئەو کوردانە دانیشتوانی نێوان وان و ورمێ " بوون، ڕاگۆێزی خۆراسان کراون، ئیستا سە رژمێری کوردە کانی خۆراسان بۆ ( ٢ ملۆین ) مەزندە دە کرێت، کوردە کانی خۆراسان وێرای سە دان ساڵ بە سەر دابڕانیان لە ناوچەکانی کوردستان، بە ڵام خۆڕاگرانەو زیرەکانە بەسەر زمان ونە ریتی کوردانەی خۆیاندا زاڵ بوون. کوردەکانی دوورخراوە ی خۆراسان بە "زاراوەی" کرمانجی قسە دەکەن وهە میشە هەستی نەتەوەیی وکورد بوونیان لە ئاستێکی زۆر بە رزو پیرۆزدا بووە ، بە دەیان پە رتووکی گرنگیان لە سەر نووسراوە . پارتی سە ربەستیی کوردستا ن لە سەردەمی ئیستا ی خە باتیدا لە تاراوگەو لە خەباتی داهاتووشیدا، بە ئەرکی سەرشانی خۆی دە زانێ، کە ئاگاداری هەلومەرج و ژیانی ئەو دووملۆین کوردە دوورخراوە بێت، لە بەرامبەر بە مافەکانیان خۆی بە بەرپرسیار دە زانێت، و پێمان وایە کە لە هەر جۆرە پرۆژەو پلانێک بۆ ڕۆژهە ڵاتی کوردستان نابێت ئە و کوردانەی دوور خراوی لای خۆراسان لە یاد بکرێت، پێویستە هەم لە ئیستادا و هەم لە داهاتووشدا ئەوان لە یاد نەکرێن.

**لیبراڵ دیمۆکرات**

بەشدارانی بە ریزی کۆنگرە کەمان، ئە ندمان و هابیرانی بە ڕێزی پارتی سە ربەستیی کوردستان، یەکێک لە گۆڕانکاریە بەرچاوەکانی پارتیمان لە م کۆنگرە دا پە سەندکردنی چە مکی لیبراڵ دیمۆکراتە کە ٣ ساڵە لە نێۆ هاوبیرانی پارتتی سە ربەستیی کوردستان باسی لە سەر دەکوێت و شرۆڤەی لە سەر دە کرێت. لە یەکەمین کۆنگرەی پاڕتی سە ربەستیی کوردستان هزری لیبراڵ دیمۆکرات وە ک فکرێکی سیاسی نوێ لە لایەن ئە م پاڕتە وە دێتە نێو سیاسە تی ڕۆژهە ڵاتی کوردستان. لە مێژ ساڵە پارتەکانی کوردستان دروشمی دواڕۆژیان کوردستانێکی کۆمۆنیست، سوسیالیست یا سوسیال دیمۆکرات بووە ، ئەمەش وای کردوە کە زیاد لە نیوسەدە جووڵانەوەی کوردی هە ر لە نێو ئە و بازنە دابمێنێتەوە! کە چی لای هە ڵگرانی ئە و باوە ڕە لیبرالیزم بە ڕێبازێکی نەگونجاو ونێگاتیڤ پێناسەکراوە،لانیکەم تا ئێستا هە لێکیش نەخوڵقاوە کە لیبڕالیزم وەک خوازیاری مافی ژیان،ئازادی،بژیوە بۆ هەموو مرۆڤێک خۆی بناسێنێ و لە کوردستانیش بێتە تاقیکردنەوە! بۆیە پارتی سە ربەستیی کوردستان بە پێی هە ڵسەنگاندی مێژووی لیبرالیزم لە دونیا کە ئوروپا وئە مریکا نموونە یەکی بە رچاوی ئە و سیستیمە فکرییەن، بڕیاریدا کە لیبرال

دیمۆکرات بکات بەئیدئۆلۆژی دوارۆژی خۆی لە کوردستاندا. واتە کوردستانێکی سە ربەخۆ وسەربەست ولیبرالّدیمۆکرات، رێبەرایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان بەپێی هەڵسەنگاندنێکی بنەڕەتی و زانستی بە م ئاکامە گەیشتووە کە لە جیهاندا ئە و ولاّتانە ی کە سیستەمی لیبرالّ دیمۆکراتیان هە یە هەم حکومە تەکەی و هە میش گە لەکەیان لە زۆر بواری سیاسی وئابورییە وە حەساونەتەوە. لە ڕوانگەی ئێمە وە لیبرالیزم دە توانیَ لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و پیش ە سازی وئابووری و کۆمە لاّیەتیەوە ڕەخسێنەری هە لیک بیَ کە دانیشتوانی تێیدا بحەسێنەوە .

**تیرۆریزمی جیهانی**

تیرۆریزمی جیهانی لە مێژە سالّە هەبووە، بەلاّم زیاتر لە پاش کارە ساتەکی ۱۱ی سە پتەمبەری ۲۰۰۱ وە بوو بە کەمپین وخەباتێکی سەرتاسەری جیهانی بە دژی تروریزم، کە لەو کە مپینەدا چەند دە ولّەتێکی پشتیو انی تروریزم ڕووبە ڕووی ڕووخان و نەمان وهەڕەشەبوونەوە، چە ندین دەولّەتی دیکە لە لیستی نە ماندایە، پارتی سە ربەستیی کوردستان، هە موو جۆرە کردەوەیەکی ترۆریستی لە ژێر هە ر ناو و ناتۆرە یەک بێت ئیدانە ی دەکات، بە گۆیرەی توانایی و ئیمکاناتی خۆی دژی ترۆریزم دە وەستیَ. وەک پرینسیپ و سیاسە تی پارتیمان خوازیاری ئاشتی و هێوریە لە کوردستان وجیهاندا. هاوکات داوا لە گشت ولاّت و ڕێکخراوە کانی جیهانی دە کەین، کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕێژێمێکی تروریستی بناسن، کردە وەو پشتیوانیەکانی ئەم ڕێژیمە لە گروپە چەکدارە تیرۆریستەکان لە ئاستی زۆربە ی ولاّتانی جیهاندا، بەلّگەی حاشاهە لّنگرەو تروریستبوونی دەسەلمێنێت.

**هەلومە رجی گشتی جیهان وخەباتی نەتەوەیی و سەربەخۆخوازی نەتەوەکانی جیهان.**

جموجۆلّ و گۆڕانکاری لە زۆربەی ولاّتانی جیهاندا بە ردەوامە و کێشە دێرینەکانی ئیسرائیل و فەلەستین هەروا درێژەی هەیە، ۲ نەتەوەیی بەرچاوی وەک مۆنتینیگرۆ وکۆسۆڤۆ لەم ۳ سالّەدا سەربەخۆیی تەواویان بە دەست هێناو، ئالاّی سەربەستیی یەکجارییان لە ولاّتەکەیان هەلّکرد. بە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران ش ەر لە نێوان شیعە کانی ولاّتانی عەرەبی لە گەلّ دەسەلاّتدارنیان وەک عە رەبستانی سعودی ویەمەن و بەحرێن سە رێهەلّداوە وکیشەی ئێران و ولاّتانی کەنداو نوێکراوەتەوە. بەربەرەکانی نەتەوەکانی تیبەت و تامیلەکانی سریلانکا هەر وا بەردەوامەو درێژە ی هە یە، نیوسالّ پێش بوو کە هێرشێکی بە ربلاّوی حکومەتی سریلانکا بۆ سەرهێزە چەکدارەتامیلەکان بە مەبەستی قە تلّ و عام کردنیان بێدە نگرکردنیان لە ئاست داوەکارییەکانیان بەڕێوە چوو، لەو هێرشەدا بە سەدان تامیلی گیانیان لە دەستدا، بەلاّم گڕی خەبات و بە رخۆدان هەر درێژە ی هەیە. بەکورتی خەبات بۆ ڕزگاری و سە ربەخۆیی لە جیهاندا لە پەرەسەندندایە و پیویستە کوردیش زیاتر بۆ ئەو خەباتە خۆی ئامادەبکات.

**کوردستانیانی دەرەوەی ولاّت.**

لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە پەیامی کۆنگرەکەمان بۆ کوردستتانیانی بە ناچار دوورخراوە لە نیشتمان، واتە ئەو کوردانە ی لە دەرەوەی ولاّتدا دە ژین ڕبگە یەنین. بۆ ئە وەی ئێمە بتوانین پشتیوانی نێونە تەوەیی بۆ سە ربەخۆیی گە لەکەمان بەدەستبێنین، داوا لە کوردستانیانی پەرێوەی هە ندەران دە کەین. کە هەرچەند هە میشە بەردەوام لە یادی ولاّتە کەیاندا بوون و لە ئاست هە ر پلان و موئامەرەیەکدا بێدەنگ نەبوون و ڕژاونە تە سەر شەقامەکان و بە ردەرکی

سەفارەتکانی ئێران لە ولاَتانی جیهان، با هە ر وا یە کگرتووانە هەمیشە لە فکری کوردستانی داگیرکراویاندابن، لە هەوڵی ناساندنی ئێش وئازارە کانی گەلەکەیاندابن. هەوڵبدەن مافخوازی گەلەکەمان تا ئاستی سەربەخۆیی و بە شێوەیەکی ئارام و دیپلوماتانە بە گوێی هەموو دونیادا بگەیەنن. وەک نموونەی مێژووی جولەکەکان کە چۆن لە دونیایی دەرەوە چالاک بوون تا توانیان سەربەخۆ بن.
خەڵکی وڵات داگیر کراوی کوردستان، گشت چین و توێژە کانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەندامان و هاوبیرانی پارتی سە ربەستیی کوردستان ،لە کۆتاییدا و لە گەڵ یەکەمین کۆنگرە ی پارتەکەمان سەر لە نوێ پەیمانتان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە، کە خەباتی پارتی سەربەستیی کوردستان تا بە دەستهێنانی سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەبێت.

**پەیام بۆ کرماشان وئیلام ولوڕستان وورمێ وسنە و موکریان وهەورامان بە گشت ناوچەکانیانەوە.**

خەڵکی خاک و زێد داگیرکراوی ناوچە کانی کرماشان وئیلام ولوڕستان و ورمێ وسنەو موکریان و هەورامان، وە ک پارتی سە ربەستیی کوردستان بە لێنتان لە گەڵ نوێدە کەینەوە کە دڵسۆزانەو بێوچان تا رزگاری خاکە داگیرکراوەکەی ئێوە و بە گشت شارو شاروچکە و گوندو ناوچە یەکەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشانمان بدە ین. خۆمان بە خەمخۆرو دڵسۆزی ئێوە ی وڵاتداگیرکراو بزانین، بەردەوام لە خەبات و هە ولداندا دەبین بۆ سە ربەخۆکردنی کوردستان، کە کوردستانێکی ئازادو دیمۆکرات ولیبراڵ بێت و گشت ئێوە ی بە ریز لە سایەیدا بحە سێنەوە. بەم بۆنە پیرۆزەوە، پیرۆزبایی یەکەمین کۆنگرەی پارتی سەربەستیی کوردستان لە خۆمان وسەرجەم ئێوەی تامەزرۆی ئازادی و سە ربەخۆیی دە کەین. و هیوادارین کە کۆنگرەی دووەمی پارتیمان لە کوردستانی ئازادکراودا و بە بەشداری زۆربە ی نوێنەرانی شارو نا وچەکانی کرماشان وئیلام و لوڕستان و ورمێ وسنەو موکریان و هەورامان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بگرین.

بۆ پێشەوە بۆ بەدیهێنانی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی پارتی سەربەستی کوردستان!.

هەر شە کاوە بێت خە بات بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ڕاماڵینی داگیرکەر لە سەر خاکی کوردستان.

براو هاوبیرتان:

عارف باوە جانی

٢٢ی گەڵاڕێزانی ٢٧٠٩ ی کوردی. ٢٠٠٩/١١/١٣ ی زاینی.

www.psk2006.org